# سیمپۆزیەمی نێودەوڵەتی:

## وشکەساڵی و کاریگەری گۆرانی کەشوهەوا لەسەر بارودۆخی سیاسی و ئابووری و دیمۆگرافیا لە عێراق

بەڕێز: شوان جودت بەرزنجی

ئایندەی عێراق لە مەترسیدایە! وشکەساڵی و گۆڕانی کەشوهەوا ناهەمواری بەسەر سەقامگیری کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابووری ئەم وڵاتە دا دەهێنێت، ئەم ئاڵنگارییانەش کاردانەوەی دەستبەجێیان پێویستە.

بەخۆشحاڵییەوە جەنابتان بانگهێشت دەکەین بۆ بەشداربوونتان لە سیمپۆزیەمی: (وشکەساڵی و کاریگەری گۆڕانی کەشوهەوا لەسەر بارودۆخی سیاسی و ئابووری و دیمۆگرافیا لە عێراق)، کە شارەزایانی ناوخۆیی و نێودەوڵەتی، ئەکادیمیست و بەرپرسانی حکومی و لایەنە پەیوەندیدارەکان بەیەکەوە لێکۆڵینەوە لەو ئاستەنگ و ئاڵنگارییانە دەکەن کە بەهۆی وشکەساڵی و گۆڕانی کەشوهەوا دێنە ئاراوە بەمەبەستی دۆزینەوەی چارەسەری کردارییانە بۆ کەمکردنەوە و نەهێشتنی کاریگەرییە لاوەکییەکان.

سیمپۆزیەمەکە بە هاوبەشی ڕێکخراوە لەلایەن زانکۆی کوردستان هەولێر (UKH) سەنتەری توێژینەوەی ژینگەیی (CES)، ناوەندی فەرەنسی بۆ توێژینەوە لەسەر عێراق (CFRI) و کۆڕبەندی بحرالعلوم بە پاڵپشتی Vision Education.

ڕێکەوت و کات و شوێن:

- شەممە، ١١ی ئایاری ٢٠٢٤ | کاتژمێر ٩:٠٠ بەیانی – ٥:٠٠ ئێوارە
  هۆڵی زانکۆی کوردستان هەولێر
- یەکشەممە، ١٢ی ئایاری ٢٠٢٤ | کاتژمێر ٩:٠٠ بەیانی – ٥:٠٠ ئێوارە
  هۆتێل ڕۆتانا، هەولێر

ئامادەبوون و بەشداریکردنتان مایەی پێزانینە

تکایە لە ئامادەبوون/نەبوون ئاگادارمان بکەنەوە بەر لە [٢٠٢٤/٥/٧] لە ڕێگەی ئەم ئیمەیلە: prmc@ukh.edu.krd